بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## هەرێمی کوردستانی عێراق
## سەرۆکایەتی هەرێم
## سەرۆك

بەناوی گەلەوە

# بڕیار
# ژمارە (٧) ساڵی ٢٠١٠

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستـــان – عێـــراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٨) لە ٢٣ / ٦ /٢٠١٠ بڕیارماندا بە دەرکردنی:**

## یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٠
## یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٣

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی سی و دووەم هەموار دەکرێ و ئەمەی خوارەوەی بۆ زیاد دەکرێ و دەبێتە بڕگەی (٣) بۆی:

3 -حوکمەکانی یاسای خزمەت و خانەنشینی مەدەنی کارپێکراو لە هەرێم ئەو فەرمانبەرانەی ژوورە بازرگانی و پیشەسازیانەی هەرێمیش دەگرێتەوە کە پێش جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٨٩ دامەزراون و لەخزمەت کردن بەردەوامن.

**ماددەی دووەم:**

ئەمەی خوارەوە بۆ سەر یاساکە زیاد دەکرێ و دەبێتە ماددەی سی و سێیەمی (دووبارە):

مافی ئەو کەسانەی کە حوکمەکانی بڕگەی (٣) لەماددەی یەکەمی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە بەڕێوەبەرایەتی خانەنیشنی و بیمەی کۆمەڵایەتی سەر بەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی گشتی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێم دەگوازرێتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

**٨ / تەمموز / ٢٠١٠ی زایینی**
**١٧ / پوشپەڕز / ٢٧١٠ ی کوردی**
**٢٦ / رجب / ١٤٣١ ی کۆچی**

## هۆیە پێویستەکانی دەرچوواندنی

بۆ ئەوەی بەشخوراوی توێژێك لە فەرمانبەرانی یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێم، لەوانەی کە لە پێش جێبەجێ کردنی یاسایی ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٨٩ لە خزمەت کردن بەردەوامن، هەڵبگیرێت و حوکمی یاساکانی خزمەت و خانەنشینی مەدەنی بەرکار لە هەرێم بیانگرێتەوە، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.